# وەرزەکانی هەڵوەرین

# وەرزی رووتبوونەوەی درەختەکان

**چنار نامق**



کەسایەتییەکان:

* هانا: کوڕێکی لاوی تەمەن (30) ساڵە

* هەنار: ژنێکی تەمەن (36) ساڵە

* زنار: کچی هەنارە و تەمەن (5) ساڵە

* روزگار: هاوڕێیەکی نزیکی هەنارە

* هەڵۆ: باوکی زنار

کات سەرلەبەیانی وەرزی بەهارە، خۆرەتاو جارجار سەر دەردەهێنێ و گاهێکی دی لەژێر چەتری پەڵە هەورێکی سپیدا خۆی ون دەکات، منیش وەکو پیشەو خوی هەمیشەیی خۆم، چۆن متمانە بەژیان و ڕۆژگار ناکەم، ئاوهاش بڕوام بەهیچ وەرزوسات و ڕەوتێکی بەردەوام نییە. داخوا

زنار کوێوەچوو (بەدوایدا سەر دەهێنێتە دەرێ)

زنار تۆ لەکوێی وەرە بتگۆڕم ئامادەبە باوکت ئێستا دێتەوە با دوا نەکەوین دەچینە سەیران.

(وەلێ دووچاری چی دەبێتەوە)

زنار دەوەرە دەی (ها خوایە ئەوە چییە) هانای دێتە بەرچاو!

هانا: لە دوورەوە چاوی تێدەبڕێ و بەچاو ئاماژەی بۆ دەکات

هەنار: ئەی کە مرۆڤێکی بێحەیاو هەستە، خۆ ئەوە دەمبینێت بەدوای کچەکەمدا هاتوومە دەرەوە کەچی چاوم لێدادەگرێت.

هانا: دەڕوات و ئەو شوێنە جێدەهێڵێت

هەنار: خودایە چی بکەم چ هەڵەیەکم کرد، چۆن تفم لێکرد، خۆ بەمەسئول دەچێت، دەترسم تۆڵەم لێبکاتەوە، نەخێر باوکی زنار بێتەوە، پێویستە ئاگاداری بکەمەوە لەم مەسەلەیە، نا، دەترسم بەیەکتردا هەڵپژێن و دواتر خەڵکیمان لێ ئاگادار بێت.

نەخێر دەچمماڵەوەیان ئاگادار دەکەمەوە، بزانم خەڵکی بەچی دەزانن، بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، ئایا خوشك و دایکی نییە، نەخێر تەواو میزاجم تێکچوو تاقەتی گەشت و سەیرانم نەما، بە چ جۆرێك وەڵامی برادەران بدەمەوە. نازانم بۆ ئەوەندە دواکەوتن، با لەو مەسەلەیە گەڕێم، بزانم چی روودەدا، بەڵکو

هەڵەیەك بێ و دووپات نەبێتەوە ئێ خۆ ناشكرێت لەسەر هەڵەیەك گۆمەزێ بنێمەوە تا پێویستە هێمنیی خۆم ڕاگرم، بەڵكو كێشەكە ئاڵۆز نەبێت هێشتا ئەو لاوانەم لەبیر نەكردووە، كە دڵم شكاندن و دوابەدوای یەكدی تووشی كارەساتی جەرگبڕ هاتن و بۆ هەتایە لەبەر چاوم ون بوون، سەرمایەش خەم و  نیگەرانی و هەستكردن بەتاوانم بۆ بەجێما، نەخێر هەڵەی پێشووم دووبارە ناكەمەوە، پێویستە بەگفتوگۆ و ئاشتی كێشەكان چارەسەركەین، دەكرێت نەزانێت كە ژنم و منداڵم هەیە، یاخود دەشێ لێم نەگەیشتبێ و باشم نەناسێت، پێویستە بەتێپەڕبوونی كات بمناسێت و لەو هەڵوێستانەی پاشگەز ببێتەوە كە بەرامبەرم نواندی، دەی پێدەچێت برادەران بن هاتنەوە دەنگیان دێت.

هەڵۆ: هەنار ئەم بارانە چییە، لێناگەڕێت گەشتەكەمان بەئاسودەیی بەسەر بەین، هەستن تا تەواو تەڕ نەبووین بخزێینە ناو ماشێنەكەوە.

هەنار: باران و با لێناگەڕێت تاوێ لەنێو ئامێزی درەختەكاندا بحەسێینەوەو لەچاوی ئەم كانیاوانە بڕوانین.

ڕۆژێكیدی بەڕێكەوت یەكدی دەبینن هانا تێدەگات هەنار بێزار و نیگەرانە لەو هەڵوێستەی ، بەشەرمەوە تێیدەڕوانێت و سەرنجەكانی نێدەگرێت، ئەو كە وەكو ئەستێرە رووی دەدرەوشێتەوە ئەستەمە بۆ كەسێك ستەمی بەرانبەر بكات.

ڕێكەوتەكان دووبارەو چەندبارە دەبنەوە، لەپڕ هانا ماشێنەكەی جێدەهێڵێت و بەرەو ڕووی هەنار دێت مەرحەبا (كلیلەكەی لێ دەكەوێتە خوارەوە)

هانا: دەمەوێ بتناسم، سەرسامم پێت.

هەنار: ببوورە، بەڵام من كچ نیم، بەهەڵە چووی چیدی سۆراخم مەكە.

هانا: بەڵێ دەزانم، ئەگەر واش بیت هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت، بەلامەوە گرینگ نییە.

هەنار: بەڵام من نامەوێت كەسێك بەوجۆرە بێتە نێو ژیانمەوە، هیچ ئاشنایەتییەكی لەوجۆرەم پێویست و لام مەبەست نییە، تكایە ئەو بیرە لە مێشكت دەركە.

هانا: تكات لێدەكەم داواكەم رەت مەكەرەوە.

هەنار: ببورە ئەو ماشێنە گەڕایەوە و پێدەچێت تێمان بڕوانێ، تكایە دوور بە لێم، دەكرێت ببین بە هاوڕێ، دەكرێ ببیت بە برام گەر منت لا مەبەست بێت، خوات لەگەڵ.

ئەمڕۆ بەو ڕۆژە دەچێت كە بەحساب بۆ سەیران هاتین و باران بەسەرماندا دایكرد، بارانەكەی ئەو ڕۆژە بەفرمێسكی چاوەكانم دەچێ، دەمی سمۆرەكەی هاوڕێم بردە نێو دارستانەكەی (تەوسكە) بەرەڵام كرد، بەڵكو كەش و هەوای ئازادی هەڵمژێت و لەنێو دارستانەكەدا بەئارامی و ئاسوودەیی بژیێت، وەلێ ئەو هێندە خووی بەمنەوە گرتبوو و ئالوودەم بوو، دەمخستە سەر دارگوێزەكان هەردەهاتەوە سەرشانم و دەمی دەخستە نێو دەستەكانم و چوالەكانی ناو دەستمی دەبردە سەر دارگوێزەكان و دیسان دەگەڕایەوە سەر شانم منیش چاو یەك و فرمێسك هەزار بۆی دەگریام و گڕم لەو قەفەسە بەردەدا،كە لەماڵەوە بۆمان

دروستکردبوو نەبا کەسێکی دیکە بەکاری بهێنێت و سمۆرەیەکی دیکەی تیا دەسبەسەر بکات، ئاخر دیاردەیەکی سەیر بوو داری قەفەسەکە گڕی نەدەگرت، وەك ئەوەی بخوازێت هەمیشە ژیان بەکۆت و بەندەوە گریَ بدرێت و پانتاییەك نەبێت بۆ ئازادی بوونەوەرەکان، دەڵێی تەنها منم گۆرانی بۆ ئازادی دەچڕم و چاو لەدەرگای خواوەند دەبڕم خوایە وەتەن ئاواکەیت.

(دیمەنی دووەم)

زەمەن دەڕوات و ئەم ئەوینە سات بەسات مەزنتر دەبێت، مانگێك ، دووان ، سیان،.. هتد

هانا: مەرحەبا هەنار چۆنی؟

هەنار: بژیت ئەی تۆ چۆنی؟

هانا: بەو چاوە جوانانەت کوشتمت، دەرفەتێکم بدەریَ تێیدا یەکتر ببینین.

هەنار: ئەی ئەوە دەرفەت نییە، وا پێکەوە وەستاوین دەدوێین.

هانا: نەخێر، دەمەویَ تێر تەماشای یەکدی بکەین.

هەنار: پێموایە هیچ ڕێی تەماشاکردنی نەگرتووی، بەئارەزووی خۆت تەماشاکە.

هانا: رۆحەکم دەمەویَ ماچت کەم ماچ

هەنار: ئەوە چی دەڵێیت، ئەم داوایەت زۆر قورسە بەمن جێبەجیَ ناکرێت، چاکتر وایە کۆتایی بەم بیرکردنەوەیە بێنیت تکایە.

هانا: چاوەڕوانم (هەر یەك بەلایەکدا دەچن)

هانا بەتیشکی سەرنجەکانی لێزانانە دەخزێتە نێو پانتایی دەروونی هەناری بەستەزمانەوە، بۆیە هەنار دووچاری مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە لەنێوانی عیشق و ئایدیادا وەك بڵێی لەسەر پردی سیراتدا راوەستاوە، لەنێوانی دوودڵیدا بەچاکی دەزانێت رازی دڵی خۆی بۆ هانا هەڵڕێژیَ، تا هەر هیچ نەبێت بەزەیی بەحاڵیدا بێتەوەو هاوکاری بکات لەلەبیرچوونەوەی و گەڕانەوەی بۆ ژیان و دۆخی ئاسایی جارانی.

لەدیدارێکدا:

هەنار: هاناگیان تۆ بوویت بەبەشێك لەژیانم، بەچەشنێك ئارامیت لیَ سەندووم هەمیشە بێدەنگی باڵی بەسەرما کێشاوەو فرمێسك چاوانی تەنیوم، نازانم لەگەڵ کەسێك بدوێم و لەگەڵ سات و ڕۆژکارەکانما رەفتار بکەم، ئەی هاوڕێی ئەبەدیم، تکایە ژیانم جێبهێڵە، بەڵکو بتوانم بەر لە فرمێسکە قەتیسماوەکان بگرم، بەکوردی من رووی هیچ مەجلیسێکم نەماوەو پێویستیم بەچارەسەرییەك هەیە، لەم نەخۆشییە کوشندەیەی کەناوی لەخۆی ناوە ((هانا)) تکایە دووربە لێم، بەڵکو بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ژیان.

هانا: باشە رۆحی شیرینم، چۆنت پێباشە با وابێت

(سواری ماشێنەکەی دەبێت و هەنار جێدەهێڵێت)

هەنار: وا هەفتەیەکە بەسەر دووریتدا تێدەپەڕیَ و ئەم فرمێسکە شێتانە چاوەکانی جێنەهێشتووم ، ژێی

گیتاری دڵم پساو بەهیچ ریتمێك نەگەیشتم، ژەنینی ئەم گیتارەش نەیتوانی بەر لە خەمەکانم بگرێت، خۆ هەڵۆ هەردەم پێم دەڵێت ئازیزم بۆ دەگریت، چیت دەوێ لە تەمەن ببیە، بەڵام دەست لە عیشقی نیگەرانی بەردە وەلێ من لەئاستی پەیڤینی ئەودا بێ وەڵام جگە بێدەنگی و تێڕامان چیدی شك نابەم وەڵامێکی بدەمەوە، ئای خوای من چۆن دەکرێت ژیان بەم چەشنە بگوزەرێت، گەر مەرگ بەپارە بوایە قەرزم دەکردو دەمکڕی

خودایە هاوکارم بە، کە ئەم عیشقە شێتە لەبیر بەرمەوە و چیدی ڕێگە لەو ڕێکەوتەش بگرە کە لەیەکدیمان نزیك دەکاتەوە.

(دیمەنی سێیەم)

دەنگی لێدانی دەرگا دێت

هەنار: ئەوە کێیە خۆ کەسیش دیار نییە

هانا: لەدورەوە بە هێمنی (بەبزەیەکەوە) من بووم

هەنار: بڕۆ سەعیەکەت بکە تاقیکردنەوەت هەیە.

ئای خودایە دیسان دڵی پڕکردمەوە لەهیوا، مەحاڵە هەوارگەی دڵم جێبێڵێت، خۆ بڕیار وابوو لێم دوور کەوێتەوە وەلێ پاش هەفتەیەك ئازاروژان گەڕایەوە، بریا بمتوانیبا داواکانی جێبەجێبکەم، ئاخر ناکرێت مرۆڤ بەرانبەر خودی خۆی ناپاك بێت.

هانا: ئەوە ژمارە تەلەفۆنەکەم.. پەیوەندیم پێوە بکە

ها چاوەڕێی پەیوەندیتم.

هەنار: (لەبەر خۆیەوە) من چیدی بەکەڵکی ژیان نایەم، پێویستە .. رێگەچارەیەك بۆ ئەم چارەنووسە ببینمەوە کە دووچاری بووم، وادیارە هانا خاڵی لاوازی منی زانی و دەشزانێت کە خۆشم دەوێت، بۆیە هیچ کات قایل نییە، کێشەکەم چارەسەرکات و دەستبەردارم بێت.

چاکتر وایە لەگەڵی بدوێم و بگەینە چارەسەرێك.

هەنار: هانا گیان تۆ ئەو چاوانەی کە ڕووناکی دنیایی پێ دەبینم، کە بەدومدا دێیت ناچارم ڕووی خۆمت لێ وەرگێڕم باش بزانە لە تۆ شیرینترم نییە، لەدڵی مندا ئەوین جۆراوجۆرەو دەکرێت مرۆڤ بەچەند شێوە عاشق بێت نەك تەنها عیشقی دوو رەگەزی جیاواز بەرانبەر یەکدی، وەرە لێك نزیك بینەوە و ببینە هاورێ.

هانا: ئەو دەم هیچ لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، بوارم دەدەی ماچت بکەم.

هەنار: نەخێر من دەڵێم دەبینە هاوڕێ، ئیدی تاسەمان لەیەکدی دەشکێت و لەسۆزی یەکتر تێر دەبین .

هانا: ئاخر هەنارگیان من تێرنابم ..نا.

هەنار: بڕوابکە ئەو چێژو و خۆشییەی لەهاوڕێیەتیدا بەدی دەکەم هاوتای نییە، لەهەموو شتێك گەورەترە.

هانا: من بەوشێوەیە رازی نیم، یا دەبیتە خۆشەویستم، خۆشەویستە جوانەکەم، یا هیچم لێت ناوێت.

هەنار: ئاخر بەزەییت پێمدا بێتەوە، دەزانیت بوویت بەبەشێك لە جەستەم، بۆیە بەم جۆرە رەفتارم لەگەڵدا دەکەیت، قایلم بەوەی هەفتەی جارێك سێبەری بالآت ببینم، بەزویری جێمەهێڵە نەبا وەکو ئەوانی دیکە...

هانا: گوتت ئەوانی تر....... مەبەستت چییە !

هەنار: بۆیە یەکەم جار بەتووندی رووبەڕووت نەبوومەوە ترسام، ئەگەر نا زۆرم لەخۆم کرد نەرمونیانبم بەرامبەرت و ئەو رەفتارانەت لەگەڵ نەکەم کە دڵتەنگت دەکا.

هانا: بەڵام لە چی ترسایت

هەنار: لە ژیانمدا دووچاری کێشەیەك بوومەوە، هەموو ئەوانەی لە عیشقا دڵم دەشکاندن، یەك لە دووی یەك بەبەرچاومەوە دەمردن، یا تۆشی کارەساتی گەورەو جەرگبڕ دەهاتن. بیرتە یەکەم جار بەفلاشی چاوەکانت چ بەزمێکت سازدا، ئاگاداربووی چەند لێت نیگەران و تووڕە بووم

هانا: ناچاوی من تەنها شتی جوان دەبینێ، بۆیە هەر جوانیتم دەبینی و گوێم بەهیچی دی نەدەدا.

هەنار: یەکەم جار بڕیارم دا، بێمە ماڵتان و لەنێو ئەندامانی خێزانەکەتدا ئابڕووت بەرم، و ئاشکرات کەم.

هانا: سوپاس بۆ خوا کە ئەو کارەت نەکرد، من لای تێکڕای ئەندامانی خێزان و تەنانەت خزمانیش پایەدارترین کەسایەتیم، ئەودەم چیم بکردبا؟ ئەی چۆن ئەو بڕیارەت گۆڕی روحەکەم.

هەنار: بیرم لە یەك و دوو و سێ کردەوە کە لەپاش نائومێدبوون سەریان نایەوەو مەینەتی و خەمی ئەم جیهانەیان بەسەر نەستمەوە بەجێهێشت، هەر بۆیە بووم بەخەمبارترین ئافرەتی سەر ئەم زەمینە و تاوانی مەرگی ئەوانم گرتە ئەستۆ و نامۆییان لەرۆحم چێکرد، بۆیە کە درەختی سنۆبەری بەژنتم بەرچاو کەوت، گوتم تاوانە دڵت بشکێنم نەبا تۆش بەو دەردە بچیت چاکتر وایە لێت ببوورم و پێ بەسەر گومراییم بنێم بڕیارم دا لەگەڵتا بدوێم و هەڵەکان لەڕێی گفتوگۆوە راستبکەینەوە.. تۆش دەبێ بزانی من کێم، بێگەردی دەستەواژەی ژیانمە ئازادی مرۆڤ لە ئازادی هزریدا دەبینمەوە نەك لە ئازادی جەستە، دەکرێت بە روح ئاوێتە بین، دەشێ بەدڵ عاشق بین، دەکرێت کۆڵان و شەقام و گوڵ و گەڵا و درەختەکانمان خۆشبوێت و راشیانموسین.

هانا: بەڵام باسی ئەوانت بۆ نەکردم چۆن بوون.

هەنار: یەکەم کەسیان شوفێرێك بوو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی قەدباریکێکی ئەسمەری خوێن شیرین، دوو رۆژ بەر لەوەی ماشێنەکەی وەربگەڕێت، دەستە خوشکێکی راسپاردبوو لەگەڵما دوواو پەیامی عیشقی خۆی پێ ڕەوانە کردبوو، وەلێ منیش چۆن سروشتی خۆم پێم گوت، دەکرێت ئەو پەیامەی بەگوێچکەی منتدا چرپاند بۆخۆت سوودی لێ وەربگریت و پێی بڵێ دەرفەتم نەبوو بیگەیێنم، هەر ئەو ئێوارەیە بەبەردەم دەرگای ماڵمان تێپەڕی و ماچێکی هەوای تێگرتم و چاوی تێبڕیم و ناچاری کردم بەتفێك وەڵامی ماچەکەی بدەمەوە. ئەودەم نازانم شوێن چی کەوتبووم، بێئەوەی کتێبێکی فەلسەفی بخوێنمەوە هاوڕێکانم پێیان دەگوتم بەسیەتی ئاخافتن بە فەلسەفە، لە رەوتمدا چاوم دەبڕیە ئاسمان و نەمدەزانی بەدووی چ

حیكمەتێكدا وێڵم، هێشتا لەخۆم نەگەشتبووم. وەكو ڕۆژانی منداڵیم عاشقی ئەوئەستێرانەبووم كە وڕكم لەباوكم دەگرت بۆم بهێنێ و بیان نێتە نێو دەستمەوە باوكی بەستەزمانیشم بەناچاری لە ئامێزی دەگرتم، دەڕۆشت و دەڕۆشت و ئەژنۆكانی شل دەبوون تاوەنەوزی لەچاوەبێدارەكانم مارە دەكرد، پاشان دەیخستمەوە سەر نوێنەكەم، بەڵێ ناویشی هەوراز بوو، پاش ئەو كردەوەیە ئیدی نەمبنییەوە و بەخەمباری مامەوە ڕەخنەم لە خۆم دەگرت، دەمگوت چیم كرد نەدەبوو ئەو ڕۆژە لە عومرم كەمتر با و ئەو دیمەنەم بەچاوانم نەبینیبا، پاشان دڵی خۆم دەدایەوە، خۆ دەكرێت ئەمە ڕێكەوت بێت و پەیوەندی بەمنەوە نەبێت، نەخێر بانەیكەم بەئەزموون، ڕاستە تەنها ڕێكەوتەو ڕەنگە ئیدی دووپات نەبێتەوە.

هانا: بەڕاستی خەمێكی گەورەیە، ئەدی دووەم

هەنار: كە مەرگی دووەمم بینی ئیدی گوتم خودایە پەنام بدە، چیدی بەرگەی خەمی دیكە ناگرم، ئەویشیان بەژن زراڤێكی چوارشانە بوو، لەهۆڵی قوتابخانەكەماندا بەبەرچاوم دەهات و دەچوو، ماوەیەكی زۆر بوو نەیدەوێرا ڕازی دڵیم بۆ بدركێنێ، من كە بەجۆرێك تەمومژاوی و نامۆ بووم، لە دەمی خەڵكی گەڕەكم دەبیستەوە گوایە سەركەش و گومڕا و بەدەعیەم، ئەو گوتبووی زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام پیاوم دەوێت بوێرێ تەماشای نێوچەوانی بكا و لەگەڵیا بدوێ، ئەم پەیڤانەی لای ژنە هاوسێكەمان دركاندبوو، جگە لەوەی لە قوتابخانە دەمبینی ڕۆژانە یەك دوو جار بەبەردەركەی حەوشەماندا دەهات و دەچوو تا ڕۆژێكیان لەپڕ دەرگاكەم بەیەكدادا ئیدی بۆ هەتایە نەیوێرا تێمبڕوانێ، پاشان لە كەركوك شەهید بوو، لەو ساتەوە ئیدی زانیم ژیان چەند تەماوییە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەویست هێزێك هەبێت چۆك بە گومڕاییم دابدات، چونكە پێموابوو بۆ عیشقی ئازادی دەژیم و نزیكبوونەوەم لە هەر پیاوێكی ئەم دنیایە، ئازادی بیرو هزرم زەوت دەكات، من دەمویست وەكو چیاكان بەسەركەشی بژییم، من كە لە تەمەنی یانزە ساڵییەوە فێرە فرمێسك ڕشتن بووم بۆ ئەوینی ئەو شارەی كە لە ئامێزی گەرمی بێبەش بووم و لێی دوور كەوتمەوە، ئاخر مرۆڤ تا ئەو دەمەی نیشتیمانەكەی لەدەست نەدات قەدری نیشتیمان نازانێت، ئەو نیشتیمانەی لەدووریدا تاكو ئەمڕۆش بەم بوونە ئاشنا نەبوومەوە.

هانا: ئەو كوڕەی باسی دەكەی جوان بوو؟

هەنار: زۆر

هانا: بەقەدەر من جوان دەبوو

هەنار: لەخۆت گەڕێ، ناچار بووم لەنامۆیی خۆمدا ڕەشی بۆ بپۆشم، هەر بۆیە خەڵك گوتبوویان ڕەشی بۆ ((زەریا)) پۆشیووە، ئاخر ناهەقم نەبوو دووەم جار بوو مەرگی ئازیزێك ببینم كە لێی گومڕاو بێئاگابووم تۆ نازانیت كە نامۆیی دوورگەی ناخت دەتەنێ، ئیدی بوارت پێنادا كەسێكی دیكە ببینیت بەسەرتدا دەسەپێنێ ببێت بەهاودەمی تەنهایی و تۆش دەكاتە مەعشووقی خۆی ئیدی ئەمە چارەنووسە یا ڕێكەوت، یا خەمێكەو بەبەژنی مندا بڕاوە.

هانا: پاشان چی روویدا.

هەنار: کەسی سێیەم تووشی غوربەتێکی دیکەی کردم، بریا ئەویش بمردبا و لەبەر چاوەکانم گومبا تاکو ئێستاش لە سووچی ئەم بوونەدایە و هەنسك بۆ دووریم هەڵدەدات و هەناسەی سارد و ئاخی گەرمم بۆ هەڵدەکێشێ، ئەو دەیویست من مانگی درەوشاوەی ئاسمانی ژیانی بم و ئەستێرەکان بەچواردەورمدا بدرەوشێنەوە پاش دەساڵ هەوڵ و تێکۆشانی بێ پایانی بۆ دواجار پێم گوت پەیکەری عیشقم لە ئەندێشەت بڕوخێنەو چیدی بەشوێن سێبەرم وێڵ مەبە، دەستی خاتوونەکەت بگرەو پۆزش بۆ جگەرگۆشەکانت بێنەوەو ئەوان بکە بە پەرستگا حەوت ڕۆژ بەسەر ئەم دیدارەمان تێپەڕبوو، هەواڵێکی شوومی دیکەیان بەگوێمدا چرپاند، ئەمجارەیان پەنجەی خۆم گەزت و گوتم چیدی من پەیڤێك شك نابەم، بیلێم بەژیان، هەر ساتەو لە خەمێك و هەر ڕۆژەو بەئازارێکەوە دەتلامەوەو متمانەم بە ژیان دۆڕاند و ساڵەکانم سپاردە قەدەر، بڕیارمدا هەڵوێستی شەڕ و تووڕەیی لە فەرهەنگی تەمەنمدا بسڕمەوە.

هانا: هەنارگیان منیش نەکوژیت.

هەنار: ئاخر چاوەکەم بۆیە دەمەوێت لێم زویر نەبیت، یاخوا قەت مەرگت نەبینم، چونکە بەرگەی خەمت ناگرم.

هانا: دە هەنار گیان چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت تەنها ماچێکت بکەم.

هەنار: گەر ئەو کارە بکەم خۆم بەناپاك دەزانم، ئیدی چی پەیامێکم دەبێت بۆ خەڵکی ئەودەم بەچی ڕوویەکەوە بڕوانمە ژیان هەمیشە ژیان لەسەربەرزی مرۆڤدا دەبینم.

هانا: بەڵام ئەوەی من دەمەوێت ناپاکی نییە، خۆشەویستی چاوەکانتە.

هەنار: ئەوین ئەو ئەوینەیە کە ڕوح تێر دەکات، ناخ ئاوی پێدەخواتەوە نەك جەستە، گەر ماچتکەم پێنووسەکەم لێم دەتۆرێ، چیدی مەلی وشەکانم سەر بەماڵی ئەندێشەمدا ناکەنەوە، وەرە دوا پەیمانم بدەرێ کە هاوڕێیەکی بێگەرد بین و لێم دوور مەبە، ڕازیم بە هەمو شتێك جگە لە دووریت، تۆ پێم بڵێ دادە بڵێ دایە، بڵێ هاوڕێ، هێندەی دایکێکی بەسۆز دەتلاوێنم وەلێ با خۆشەویستیمان دوور بێ لە کات بەسەربردن و شەهوەت و ماچی دڵداری، هەموو دەم پێکەوە دەدوێین و ئاگامان لەیەکتر دەبێت و ئەودەم بەدڵنیاییەوە دەژیم.

هانا: تۆ لە هەموو شتێك گەورەتری، دڵنیابە ڕۆحەکەم چۆنت بوێ وادەکەم.

هەنار: کەواتە ئیدی دەتوانم هەموودەم لەگەڵتا بدوێم سوپاس هاوڕێی ئازیزم، دەبێ چ ڕۆژێك بێت لەگەڵ هاوسەرێکی جوانی وەکو خۆت بتبینم ئەودەمە ئاسوودە دەبم، پەیمان بێت چیت بوێت ئاسانکاریت بۆ

دەکەم بەڵکو تێکڕای ئاواتەکانت بێتە دی تۆ پێویستت بەوەیە لەگەڵ کەسێکدا پەیوەندی بگریت و لەئێستاوە دەستنیشانی کەیت  تا بەیەکتر ئاشنا بن و لەیەکتر بگەن، ئەودەم پرۆسەی هاوسەرگیری کارێکی ئاسان دەبێت و تووشی دڵەڕاوکێ نابیت لە هەڵبژاردنی کەسێك، باوەڕت هەبێ ئەوساتە خۆشترین سات دەبێت لە تەمەنم و بڕیاریش بێت لە ئاهەنگەکەت سەرچۆپی بەرنەدەم .

هانا: من دڵنیام لەو هەڵوێستانەت چاو جوان

هەنار: هانا گیان نازانم بۆ ساردیت بەرامبەرم لەو ڕۆژەوەی پێم گوتی تەنها هاوڕێین ئیدی ئەو مەیلەی جارانت نەماوە، بۆ دەبێت عیشق تەنها ماچ و دەستبازی بێت لەنێوان دوو مرۆڤدا.

هانا: ئاخر ڕۆحەکەم کێ هەیە حەز بەو شتە خۆشانە نەکات.

هەنار: ئەمن دەتوانم گشت ڕۆژێك پێکەوە پیاسە بکەین و تێر یەکدی راموسین، وەلێ مەخابن ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لەعیشق و ئامێزو ماچ نەگەیشتووین، بۆیە ناتوانین رەفتاریان لەگەڵ بکەین، ئەگەر نا ماچ پەیامی هەنگە بۆمژینی لێوی خونچەی گوڵێك، عیشقی شەوێکی تاریکە بۆ تریفەی ئەستێرەو مانگ من دەزانم کە بێگەردتر و جوانترە بەڵام ئێمە لەمانای راستەقینەی نەگەیشتووین.

هانا: ئەو هەمووە دەزانیت و هێشتاکە خۆتم لێ دوور دەخەیتەوە، تاوانە بەوشێوەیە خۆت هەڵدەخەڵەتێنی، خۆت چاك دەزانیت.

تۆم تەنها لەپێناوی خۆشەویستییە و هیچی دی، ئەگەرنا دەبینیت کچانی ئەم شارە چۆن بەدوامدا وێڵ و عەودالّن و هەرکامم بوێت و  بەتاسەو پەرۆشن بۆم وەلێ من تۆم دەوێ تۆش وەك ئەوەی بەفروبارانت نەدیبێ لەگومڕاییدا نەوازش بەسەر ئاسماندا دەکەیت، ناز بەسەر خاکدا دەفرۆشیت و لەرازی دڵم بێئاگایت.

هەنار: نەخێر وانییە، بەڵام من مرۆڤێکی میزاجیم و لەگەڵ هەموو شتێکدا هەڵناکەم، خۆ ئەگەر شتێك بەئاستەم نیگەرانم بکات دەبێتە هەوێنی خەمی ساڵێکم.

هانا: دەزانم میزاجیت، ئەوە نییە لەگەڵ منیشدا ئاوەهایت هەتا جارێك سڵاوم لێدەکەیت دە جاران لەبیرم دەکەیت وەك ئەوەی لەبەرچاوت نەبم.

هەنار: کێشەکە لەوەدایە دەترسم بەهەڵە لێم تێبگەیت، ئاخر هانا من دەزگیرانی باخچەیەکم شەوان کەدەنووم تا سپێدە بەدیارمەوە ئێشك دەگرێ، کە سپێدەیان رادەبمەوە تێیدەڕوانم بەدیارمەوە شایەتمان دێنێ و چەندین جاریش نوێژی عیشقی بۆ دابەستووم و زیکری کردووم تۆش داوای ماچم لێدەکەیت و پێم دەڵێی، لەنێوان ئەم دوو ڕێیەدا هەڵبژێرە، وەلێ هەموو ڕێیەکانیش دەمبەنەوە سەر کوچەکانی تەنهایی، لەوێندەر کۆڵانێك نییە پێی ئاشنابم تێڕامانم نوقم دەکات لە بێدەنگی، بێدەنگییەك کەون پێم دەڵێت بۆ نایەیتە گۆ، منیش بەو نیگا شڵەژاوانەمەوە حەپەساوم تێیدەڕوانم.

هانا: هەنار تۆ گەمە بەخۆت و منیش دەکەیت، خۆشەویستیت مەکوژە و هەندێك واقیعییانە بڕوانە کێشەکان.

هەنار: بەسە هاوڕێ دووری و نزیکیت بەچەشنی یەك دەمسووتێنیّ، بوارم بدە بتوانم لەگەڵ ژیاندا مامەڵە بکەم، ئەو شتانەی کە بۆ منی ڕەوا دەبینی بۆ خوشکەکانت هەمان شێوەیە.
هانا: نەخێر گەر بزانم خوشکم پەیوەندی لەگەڵ کەسێکدا هەیە بەدەستی خۆم ئەو کەسە دەکوژم، هەموو شتێك بۆ تۆ ڕەوا دەبینم ئیدی هەقت بەسەر خەڵکی دیکەوە چییە.
هەنار: بەڵام ئەی ئەو کچانە تاوانییان چییە کە نەتوانن هاوسەری خۆیان بەویستی خۆیان هەڵبژێرن، پاشان چۆن دەتوانن لەگەڵ کەسێکدا ژیان بەرنە سەر کە بەهیچ شێوەیەك لەیەکتر نەگەن، تۆ مرۆڤێکی کۆنەپەرست و سەیری و بەتەنها خۆتت خۆشدەوێ.
هانا: هەنار ئەوە چییە من پێت دەڵێم هەموو شتێك بۆ تۆ ڕەوایە ئیدی بۆ نیگەرانیت لێم.
هەنار: بریا ئەوەی کە مرۆڤ بۆ خودی خۆی بەڕەوا دەبینیّ بۆ ئەوانی دیکەش بەڕەوای بزانێت، ئەودەم کێشەی بوون چارەسەر دەبێت، تۆ سەیرکە سروشت چەند بێبەزەییانە دەڕوانێتە بوونەوەرەکان، لەبێشەیەکدا گیانلەبەرە گەورەکان گیانلەبەرە بچووکەکان دەخۆن، دۆلفینەکان ماسییەکان قووت دەدەن، وەرزێك وەرزێکی دیکەی  پێ قبووڵ ناکرێت، دەسەڵاتداران بیّ دەسەڵاتان دەچەوسێننەوە کەچی هەموو بانگەشەی ئەوە دەکەین کە پارێزەرین بۆ ماف بوونەوەرو مرۆڤەکان.
هانا: بەڵام ئەوەی من باسم کرد هیچ پەیوەندییەکی بەو مەسەلانەوە نییە کە تۆ خۆت پێوە خەریك کردووە.
هەنار: چۆن پەیوەندی نییە کە تۆی هۆشمەند و ڕۆشنبیر دان بەماف خوشکەکانت نەنێیت، دەبیّ چی بە کۆمەڵانی خەڵکی نەخوێندەوار بڵێین.
هانا: تکایە هەنار من کوڕی بچووکی ماڵم و بەرپرسیار نیم لەدوارۆژی هیچکام لە ئەندامانی خێزان، دواتر خوشکەکانم مامیان هەیە ئەو بڕیاری چارەنووسیان دەدا.
هەنار: کێشە کۆمەڵایەتییەکان لێرەوە دەستپێدەکات، ئەوەتا لەسەدەی بیست و یەکدا دەژین و کوڕێك ناتوانیّ یا نایەوێت خۆی بەماف خوشکەکەیەوە خەریك بکات، ئیدی چۆن دەتوانیت ماف مرۆڤ بپارێزێت، بریا هەریەك لە ئێمە ئەرکەکانمان بزانین پاشان داکۆکی لە مافەکانمان بکەین، کێشە گەورەکە لەوەدایە ئەوەی بۆ من ڕەوایە بۆ ئەوانی دی بڤەیە، ئەم هەڵوێستەش تەنها بەخاتری خزمەتکردنی بەرژەوەندی تۆیە، ئەگەر نا ئەو مافانە بۆ منیش ڕەوا نەدەبوو، بەڵام باش بزانە من ئەو مافەم ناوێت، دەبیّ باش بزانیت ئەوەی بۆ خۆمی دەخوازم بۆ تێکڕای خەڵکی دەخوازم، پێویستە یەکسان بین لە هەموو ڕوویەکەوە، نا هاوڕێ چیدی نامەوێت لەگەڵ تۆدا بدوێم، ئێمە دوو جیهانی لێك جیاوازین تۆ لەدۆڵێك منیش لە دۆڵێك، ئەستەمە بەهاوڕێیەتیش لەیەك نزیك بینەوە، چونکە دوو ئایدیای لێك جیاوازین.
(دیمەنی چوار)
لەپاش چەند وەرز چاوەڕوانیی
هانا: ئەوە چییە هەنار بۆ وا دووریت لێم ، ژمارە تەلەفۆنەکەتم گومکردووە.

هەنار: زۆر تامەزرۆتم هاوڕێ گیان

هانا: ئەی بۆ حەزناکەی بمبینی

هەنار: تکایە با ئەو دیدارانە بەجێبهێڵین بۆ رێکەوت

هانا: بۆ بەو چەشنە بێت ئەی ئێستاش هەر رێکەوت نەبووە

هەنار: وامپێباشە هەموو شتێك بسپێرین بە رێکەوت بەسەر چوون ئەو رۆژانەی بۆ دیدارێکت دەمردم، بۆ نیگایەکت فرمێسکم دەڕشت، هەزار بریا نەمناسیبای، دەزانیت دووریت چی لێکردم.

هانا: ئەوە دەستەکانت چییەتی، قۆڵەکانت بۆ وای لێهاتووە، ناشێ پێشکە وای لێکردبێت.

هەنار: دوێنێ شەو کە لەخەمی دووری تۆدا لەخۆم بێئاگابووم، بێگیان لەسەر جێگاکە کەوتبووم پێشکەکان بەئارەزووی خۆیان تێکڕای جەستەیان گەستووم، بڕوانە چۆن دەست و مەچەکیان کردووم بەبێژنگ، ئاخر ئەوانیش بەناوی عیشق و ماچەوە خوێنم دەمژن و پاشانیش بەزامەکانم پێدەکەنن

هانا: نا هەنار گیان ئەوان زۆر خراپیان پێکردووی، پێت نەگوتم بۆچی حەزناکەیت بمبینی

هەنار: من دەتبینم

هانا: لەکوێ

هەنار: تۆ لەناخمای لەگەڵما دەژیت، بۆیە لام گرنگ نییە بتدوێنم، مرۆڤ گەر کەسێکی خۆشبوێت گرنگ نییە لەهەر کوێیەك بێت، ئەو لەناو دلیدا بەرجەستە دەبێت و بەردەوامی پێدەبەخشێت، تۆ لەدڵمای درەختێکی لە نەستمدا رواوی.

هانا: نازانم چیت پێبڵێم رووحە شیرینەکەم

هەنار: ئیدی دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ژیان، ناچارم رێگە چارەیەك بۆ ئەم خەمە چاوزەقانە دابنێم کە تۆ دووچارت کردم، بەسە با نەفرەت لەو رۆژانە بکەم کە پزیشکەکەم بەدیارمەوە راماو پێی گوتم، دایەگیان چارەی تۆ لای من نییە پێویستە خۆت چارەی خۆت بکەی و منیش دامە پڕمەی گریان.

هانا: بمبوورە لە هەموو شتێك

هەنار: نامەوێ بتبینم ئێمە دوو کیشوەری جیاوازین لەهاوڕێیەتیشدا بەیەك ناگەینەوە، ئەستەمە دوو بیری جیاواز ببن بە هاوڕێ

هانا: بۆ خۆتم لێ دەشاریتەوە

هەنار: رۆژێك دادێ و سەفەر دەکەیت و جێم دێڵی، ئەوەدەم چی بکەم، گەر بێت و پەیکەری باڵات لەبەر رۆشنایی تێڕوانینم ونبێت، خوایە هەرگیز ئەو رۆژە نەیەت کام کیشوەر بۆخۆم بگەڕێم

هانا: گەر بتەوێ هەموو شتێك بەویستی تۆ دەبێت، ژیانێکی خۆش و هەلی گەورەت لەپێشدایە، من دەتبینم زۆربەی کاتت لەتەنهاییدا بەسەر دەبەیت، بۆلێناگەڕێی بێمە لات، ئەمشەو لەلات بمێنمەوە، ئەدی ناترسیت بەتەنها.

هەنار: نا تەنها نیم، بڕوام پێبکە هانا گیان ئەو دەمانەشی کە سەفەر دەکەم بۆ وڵاتێك، یاخود شارێکی دی بیرو ئایدیا و سێبەرەکەم لەگەڵما دێن.
هانا: شەوێکی شاد، کەوابوو لەگەڵ ئەواندا بۆ خۆت بنوو
هەنار: شادتر
سەیرە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بەدوای خواست و ئارەزووەکانماندا وێڵین و لەهەوڵ و کۆششداین، وەلێ دەمێ بەدەستی دەهێنین بێ بەها تێی دەڕوانین و تێکۆشانی خۆمان لەیاد دەکەین، ئەوە منم پاش ئەو جەنگانەی لەگەڵ سروشتدا بەرپام کرد، پاش بەرزەفڕیم وەختە باڵەکانم لەدەست دەدەم و ئەوینێکی سەرشێت دەستەمۆم دەکات، چەند ساڵە هەنگاو دەنێم بۆ گەیشتن بەقەدپاڵی چیای سەرکەشی ئازادی، وەلێ گەیشتمە لوتکە خەریکە تۆ گلۆرم دەکەیتەوە، هەمیشە بەهەنسك و خەمەوە خۆم دەدوێنم.
جار نەجار دەڵێم بێ تیشکی رووت ئازادییەکان بێ مانان و بەختەوەری بوونی نییە، ئەو رۆژانەم لەیاد کرد کە لە هەرەتی لاویمدا لەپێناو ئەوینی پەیڤی سەربەستیدا لە عیشقی رستەیەکی شیعریدا جوانترین نیگام دەکوشت و پێم دەگوت بەتەنها عیشق بەس نییە بۆ درێژەدان بە رەوتی ژیان، بۆ ئەوەی بتوانین عاشق بین پێویستمان بە ئازادییەکی رەها هەیە، من دەزانم هۆی ئەم هەڵوێستەی ئێستام دەگەڕێتەوە بۆ نوقم بوونم لە ئازادی نا پێناچێت من ئەویندارى کەسێك بم و بەو چەشنە بیربکەمەوە منێکی بەرزەفڕ، زۆر جار کوڕەکانی گەڕەك بەدەم ڕێوە بەتوانجەوە پێیان دەگوتم (بەرز دەفڕیت وەلێ نزم دەنیشیتەوە)
ئێستا تێدەفکرم رەنگە هەڵوەرینی باڵەکانم تەنها لەناسینی تۆدا بێت، شکستەکانم لەیەکەم ئەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات تۆم تیا ناسی، تۆ گیایەکی نامۆیت دەمێك نەرمی و دەمێکی دی دەبیتە چقڵ و دەچیت بەدڵما، چۆن ڕێم پێتدا لە چیمەنی دڵما سەوز بیت، بایەکی ناوادە بووی لەگەڵ شنەی شەماڵێکی هێمندا چارەنووسم بێ ویستی خۆم دەستی گرتی و کردتی بە حەوشەکەی دڵما، ئەگەر قەدەر نەیهێنابای چۆن دەتتوانی ببیت بەتاکە پاڵەوانی نووسینەکانم بەوڕادەیەی کە هەمیشە تۆ لەتای تەرازوویەکدا دابنێم و ژیان و عیشق و ئازادی لەتایەکەی دی.
ئەگەر قەدەر ڕێی نیشان نەدابای چۆن دەتتوانی عیشقی وشەو ئەو پەیڤانەم بیربەیتەوە، کە رۆحم دەکردە قوربانی لەپێناویان، کەوابوو تۆ قەدەری منی و ناچارم پێت قایل بم، رەنگە ناخم بەگڕی سۆز و ئەوینت ئاگر لە جەستەم بەربدات و بێهوودە لە تێفکرینێکدا خولم دا، وەلێ سەیر لەوەدایە بەو چەشنە خۆشمبوێیت و لەنیگاکانت هەڵبێم و خۆم بدزمەوە.
(دیمەنی پێنج)
هەنار: سوپاس بۆ خوا وا خەریکە دەگەڕێمەوە دۆخی ئارامیم.
چەند ئەستەمە بەرامبەرەکەت تەنها بۆ بەرژەوەندی تۆی بوێ، ئەو دەیویست هەمیشە کۆیلەی عیشقی بم و بەدوای سێبەریدا گەڕیدە بم، بڕوام نەدەکرد رۆژێك دابێت لەو یۆتۆپیایە رزگارم بێت، کەوا قەدەر خزاندییە

نێو پانتایی دڵمەوە، ئەوە منم بەئارامی دێم و دەڕۆم و دەنووم، وەلێ نازانم بۆ گشت دەمەو ڕێکەوتێك، یا کاتێك کەسێك دەبینم کەوا سێبەری بەو دەچێت رادەچڵەکێم، خوایە خۆ تۆ ئاگاداریت جگە لەوەی هەواڵی بزانم چی دیکەم لێی ناوێت هەمیشە بەخەیاڵ لەگەڵی دەژیم و لێی نزیك نابمەوە نەبا داوای ماچم لێبکا و بمکێشێتەوە نێو ئەو دۆزەخەی پێشتر بۆی ساز کردبووم

دیمەنی شەشەم

هانا: سڵاو (جانتای سەفەری بەدەستەوەیە)

هەنار: سڵاو لەتۆ (دەگەڕێتەوە ماڵێ و زەنگێکی بۆ لێدەدا) ئەوە چییە جانتای سەفەرت بەدەستەوە ناکا بڕۆی

هانا: بەڵێ رۆحەکەم دەڕۆم.. چاوجوان بەسە مەگری

هەنار: دەباشە هاوڕێ خوات لەگەڵ بێت هیوام سەرکەوتنتە خوات لەگەڵ (هێڵەکە دەپسێنێت)

هانا: ئەلو.. هەنار وەرە بتبینم ئیشم پێتە

هەنار: بەڵام ناتوانم هەنسك بوارم پێنادات، باشە ئەوە دێم

هانا: چاوەکەم ئەوە بۆ وا لەخۆت دەکەی چاوەکانت سوور دەبێتەوە، بەسە مەگری (لێوی دێنێت ماچیکا هەنار لەبن دەستی هەڵدێت)

هەنار: ئەلو هانا چاوەکەم لێم زویر نەبوویت

هانا: بەڵێ زۆریش

هەنار: بڕوا بکە وەکو یەکێك لە براکانم خۆشم دەوێی ناتوانم بەو جۆرە ماچت بکەم

هانا: بڕوات پێناکەم

هەنار: بۆ بڕوام پێناکەی دەباشە کەوابوو رقم لێتە خۆشم ناوێی زۆرم رق لێتە ئێستا باشە بەدڵتە

هانا: باشە رۆحەکەم لێت زویر نیم

هەنار: نابێت لێم زویر بیت، خوات لەگەڵ

هانا رۆیشت وجێی هێشتم ئاخ بۆ جارێکیش لەدوا چرکەکانی ماڵئاوایی و لەدوا وێستگەی عیشقدا جەستەی سەرکێشم لەبەر دەستی خۆی رانەگرت، هۆشم رێی پێنەدام ماچێکی لێ قەبووڵ بکەم، دەمی کۆتری پەنجەکانی بۆ نێو هێلانەی پرچەکەم لە نیشتنەوەدا بوون لەنێو تاریکی شەوگاردا لەبەر دەستی هەڵاتم و تەنها خۆی و تارماییەکەیم بەجێهێشت جگە لە چاوەکانی هیچی دیم نەدەدیت کە لەنێو تاریکی شەودا دەدرەوشانەوە، ئاخر ناهەقی نەبوو جێم بێڵێت نازانم بۆ عیشقم درەختێکی رووتی بێ سێبەر بوو لەئاستی چاوە جوانەکانی، چی هێزێك بوو لێنەدەگەڕا پەیڤێکی خۆشی لێ قەبووڵ بکەم، گەر رازی دڵی خۆی بۆ بدرکاندایەم بەتوڕەییەوە پێم دەگوت هانا چیمان گوت، برا بەو شێوەیە لەگەڵ خوشکی خۆیدا دەدوێت، ناچار بێدەنگ دەبوو و دەیگوت ئێ ئێ باشە هەنار گیان چیم گوتووە هیچ قسەیەکی هەڵەم کردووە..

سەیر کەن چەند نامۆم بەدوای ڕەنگێکدا دەگەڕێم ونم کردووە بەدووی سێبەری عیشقێکدا وێڵم چیم لێی نەدەویست، تەنها مانگێ جارێك بەڕێکەوت دەمدیت، نەمدەزانی هێندە لەنێو ئەندێشەمدا بەرجەستەیەو هەموو نەستی تاپۆ کردووم.

هەمیشە لەخۆم دەپرسم بۆ تۆم خۆشدەوێت، لە کلتووری ئێمەدا گەڕان بەدوای ونبووەکاندا بەوەفاداری ناوزەد دەکرێت. وا دەساڵ بەسەر مەرگی باوکمدا تێپەڕی، وەلێ هەموو شەوێك لە خەون لەگەڵمدایە، ئێستاش ئەو کاتانەم لەبەرچاوە پێکەوە دەمانڕوانییە زنجیرە فیلمە میسرییەکان و پێکەوە بەرۆژوو دەبووین و پێکەوە پارشێومان دەکرد، لەوساتەوەی باوکم ڕۆیشت ئیدی زەینم کوێر بووە، نە خەڵکی دەناسمەوەو نە ڕەمەزانان بەڕۆژو دەبم و نە سەحەران هەڵدەستمەوە و ناڕوانمە زنجیرەکان ڕەنگە ڕەنگێکم لە ڕەنگی ئەو لەتۆدا دۆزیبێتەوە، ئەگەر نا بۆ هێندە ئاشنانم، تۆ بڵێی ڕۆحی ئەوت لە بەرنەبێ وا بەم چەشنە بەدووری سێبەرت دەکەوم، نا ڕەنگە بمەوێت بتکەم بە نیشتیمان ئەو نیشتیمانەی یۆتۆپیایەو هەردوك لەناو یەکتردا دەتوێینەوە، ئاخر ئەو یۆتۆپیایە بوو کە نامۆیی لەناخمدا چاند و وایلێکردم بەدوای شتێکدا بگەڕێم بێ ئەدرەس و بێ ناوونیشان. من نیشتیمانێکم هەبوو هێندە لێم قەدەغە کرا لە تەمەنی منداڵیما یەکترمان جێهێشت کەچی ئێستا هەر بۆی دەگریم، کە لێم دەپرسن خەڵکی کوێی، ڕادەمێنم ناوی کام شار لەخۆم بنێم.. ئەو نامۆییەی لە ئاکامی عیشقی ئەو شارەدا لەناخم ڕوواوە وایکردووە بەدوای مەحاڵدا بگەڕێم و ورك بگرم بۆ ئامێزت وەکو منداڵ. ئاخر ئەو دەمەی غوربەت لەناخماندا دەڕوێت باوەش بۆ گشت ئامێزێکی گەرم دەگرینەوەو هیچ شتێك سووکنایی بەرۆحمان نابەخشێت.

ئێمە کە لەخودی خۆماندا نامۆین شەڕ بەرپا دەکەین لەگەڵ ژیان، لەمێژەوە بەدوای نیشتیمانی ونبوومدا دەگەڕێم لە ڕوخسارت بەدی دەکەم، بگەڕێوە با چاوەکانت بکەمەوە بەنیشتیمان.

(دوا دیمەن)

ڕوزگار: سپێدەباش هەنار، ئەوە چییە نیگەران دێیتە بەرچاوم، چی ڕوویداوە لە من نیگەرانی، کەسێك نیگەرانی کردووی؟

هەنار: نەخێر پەیوەندی بەتۆوە نییە

ڕوزگار: دیارە کێشەیەکی خێزانیت هەیە، من دەتوانم چارەسەری کێشەکەت بکەم، هاوکاریت دەکەم، بۆ کێشەکەتم پێ ناڵێیت مەگەر بەهاوڕێتم نازانیت.

هەنار: تکایە هیچم لێ مەپرسە، چونکە ناتوانم وەڵامت بدەمەوە کێشەکەم لەگەڵ هیچ کەسێك نییە، بەڵکو کێشەم لەگەڵ خودی خۆمدا هەیە چیدی لێم مەپرسە با نەگریم

ڕوزگار: بەڵام هاوڕێ ئازیزەکەم ناتوانم بەو خەم و ئازارەوە بتبینم و بێدەنگ بم، بێگومان ئەوەی پەیوەندی بە تۆوە هەبێت پەیوەندی بە منیشەوە هەیە، خەمی من و تۆ یەکە مەگەر ناتەوێ بزانیت بەشێکی دانەبڕاوی لە جەستەم چۆن دەتوانم فەرامۆشت بکەم

هەنار: تکایە نامەوێت گوێم لە هیچ بێت، یا راستتر نامەوێ گوێم لە دەنگت بێت، دەکرێت لێمگەڕێیت و بەدەردی خۆمەوە بمهێڵی

روزگار: بۆ هێندە دڵڕەقیت بەرامبەرم، مەگەر نازانیت چەندم خۆشدەوێی تاکەی لە میحرابی چاوەکانت بپارێمەوە

هەنار: چاکتر وایە ژوورەکەت بۆ بەجێبهێڵم.. خوات لەگەڵ.

روزگار: توخوا مەڕۆ، گەر بڕۆیت دەمرم، بەچاوەکانت، بەو قژە زێڕینەت بەمەرگی من، ناسوکنێم گەر راستم پێ نەڵێیت، پێویستە بزانم چی نیگەرانی کردوویت.

هەنار: تکایە لێم گەڕێ دەمەوێ لەبیری کەم، نامەوێ چیتر بگریم، وا چاوەکانم لەدەست دەدەم، خەڵکی لە نهێنی خەمباریم دەپرسن، بەسە چیدی یادم مەهێنەوە.

روزگار: دەزانم لەمن نیگەرانی دوو سێ رۆژ لەسەفەر بووم و لێت بێئاگا بووم.

هەنار: تۆ .. نەخێر ئەوە نییە تۆ لەبەر چاومی، ئیدی بۆ بۆت خەمبار بم، ئەو رۆیشت و بەجێی هێشتم، ئێستاکە هەست دەکەم مردن خۆشە، کە رۆیشت هەموو تەمەنمی لەگەڵ خۆی برد، لەوەتەی ئەوم ناسیووە شادیی و ئارامی سەریان بەماڵی دڵما نەکردووە، ئەو جگە لە نیگەرانیی و مەرگ هیچی دیکەی پێ نەبەخشیم، سەیرە تەنها لەبەر ئەوەی چۆکم بۆ خواستەکانی دانەدا بە مرۆڤی نەزانیم هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە، ئەوەی کەسێك پەلکێشی دۆزەخ بکات گەرەك چارەشی بۆ دابنێت.

روزگار: هەتا خاوەن ئەو بیرو هەڵوێستە بیت هەروا دەبیت، گەر وا بڕوات هەموو خۆشەویستەکانت لەدەست دەدەیت.

هەنار: گرنگ نییە با لەدەستیان بدەم، ئێستاش دەتوانم بیگەڕێنمەوەو چۆکم بۆ دابدات، تەنها بە زەنگێك تێیدا بڵێم ماچێکت قەبوولّ دەکەم، چۆکم بۆ دادەدات و کڕنۆشم بۆ دەبات، بەڵام نا، نامەوێت بڕوات باشترە، راستە من بە دەردی دوورییەوە دەتلێمەوە، وەلێ بڕوام بەئازادی فکرە نەك جەستە. ئازادی لای من ئازادی فکرە، نەك جەستە.

روزگار: بەڵام تۆ بۆ ماچێك بەناپاکی لە قەڵەم دەدەیت

هەنار: ئەو دەمەی کە مرۆڤ تەنها بۆ خۆی دەژییت رەوایە بە چی شێوەیەك لە شێوەکان ئازادییەکانی خۆی پیادە دەکات، بەڵام گەر وابەستەبوو بە کەسێکی دیکەوە پێویستە ئەو متمانەو بڕوایە لەدەست نەدات کە پێی بەخشراوە، لای من ماچ جوانترین پەیامی عیشقە بەشێوەیەك کە لێی بگەیت و بزانیت بەکاری بێنی، ماچ پەیامی دایکە بۆ ساواکەی، ئەوێنی هەنگە بۆ هەڵمژینی لێوی خونچەیەك، بەڵام ئایا پیاوی رۆژهەڵاتی لەماچدا ئەو بێگەردییە دەبینێ.

روزگار: بەڵام هەموو کەس وا بیرناکاتەوە

هەنار: بۆ دەبێ هەمیشە بەجەستە لەلای کەسێك بین و بەرۆحیش لای کەسێکی دی، کەی فێر دەبین، کە عاشق بوون، یەك جۆر نییە، بۆ دەبێت گەر سوودمەند نەبێت لەجەستەم پێم بڵێت کارم بەناخت نییە.

روزگار: ئاساییە پەیوەندی پێوە بکەیت و خەبەرداری خەمەکانتی بکەیت.

هەنار: لەهەر چوار وەرزی ژیاندا، تەنها پاییزم خۆشدەویست، کێ دەیزانی دەبێتە مەغریبی ئاوابوونی خۆری، تەمەنم، رۆژێك بەرێکەوت ئەو درەختەم هاتە بەرچاو کە گەڵاکانی بەریان لە پەنجەرەی تێڕوانینم دەگرت، بەئاستەم دڵم پێکەنی و لام سەیر بوو، گوتم درەختەکە بەزەیی پێمدا دێتەوە، دەیەوێت بەرچاوم چۆڵ بکات تا بەئاسانی سێبەری باڵای ببینم، چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕی پاشان زانیم درەختە بەستەزمانەکە، کە هەواڵی کۆچی ئەوی ژنەفتووە لەتاواندا هەموو پرچەکەی ڕنیوە تا بەیەکجاری رووتبۆتەوە.

روزگار: بەسە ئەم خەمانە فڕێدە و لەبیریان بەرەوە

هەنار: وەرزێك نابێ بەجێتهێشتووم وا ئاهەنگی ئەمڕۆکەشم بەزیکری تۆوە سازدەکەم، خۆ نەمدەزانی بەمزوانە سەفەر دەکەیت و بەجاویدانیم دەسپێریت، هاوڕێکانم دەبینن هەموو ساتێك ئەندێشەم لەبەر پەیکەری جوانی ئەوینیت کڕنۆش دەبا سات نا ساتێك لەبەر تیشکی چاوەکانت نوێژی وەفات بۆ دادەبەستێت ئیرەیی بە سێبەرت دەبەن و دەڵێن چ دەبوو ئەگەر لەجێی هانا باین، ئەوان پێیان سەیرو سەمەرەیە کە دووریت نوێژت بۆ دەکەم و لێم نزیك دەبییەوە لێت هەڵدێم. منیش بە خەندەیەکی سادەو فرمێسکێکی قەتیسماوی نێو دورگەی چاوەکانمەوە بەدەنگێکی مەلوول پێیان دەڵێم ئێوە لە پەیڤکی عیشق نەگەیشتوون، یۆتۆپیا جوانترین عیشقە گەر بڕیار بدەی لەگەڵیا بژی و بەخەیاڵی مەستی ئەویش دەڵێم، دوا بڕیارمە بە خەیاڵ لەگەڵتا دەژیم بۆ ئەوەی هەمیشە لەناخمدا بیت و بەزیندوویی بمێنیتەوە، خۆ ئەگەر رۆژێك بمەوێ یادت لەبیربەرمەوە وشەکانم لێم راستدەبنەوەو دەمبەنەوە لای یەکەم جێی ژوان کە لە ئەندێشەمدا بۆتم بەست و بەڵێنم بەخۆمدا، هەرگیز ناوت لای هیچ کەسێك نەدرکێنم، تەنانەت کە باسیشت دەکەم هەر بە(ئەو) ناوت دەهێنم نەبا بیانەوێت پەیکەری کۆچکردوت لەبەر پەنجەرەی تێڕوانینم لێڵ کەن و ڕێگەیەك بدۆزنەوە ناوت لە ئەندێشەم بسڕنەوە، ئاخر تۆ وەهمێکیت و خوم پێوە گرتووە و خۆشە دەستلەملانی وەهم بیت، گرنگ نییە بەدوای چیدا دەگەڕییت، گرنگ ئەوەیە بەدوای شتێکدا بگەڕێین کە خۆمان دەزانین نایگەینێ، ئەمە جوانترین شێتییە، چونکە هەموو لەزەتێك لەخاڵێکدا کۆتایی دێت، وەلێ ئەو شتەی کە دەممان نایگاتێ و دەستمان پێی ناگات هەمیشە نەمری بەخۆی دەبەخشێت، چی تاریکییەکە ژیان بێ تیشکی رووت، مەگەر، مەرگی باوکم هێندە لام کاریگەر بووبێت دوور لە باڵات چۆن خەمەکانم فڕێدەم. وەك ئەو کچەم لێهاتووە رۆمانێکی دەنووسی و لەنیوەی رۆمانەکەدا پاڵەوانەکە دەمرێت و جێیدەهێڵێت، نەخێر شتێك نییە لای من ناوی مردن بێت، پاڵەوانەکان پاش مردنیان هەمیشە بەزیندوویی دەمێننەوە، ئەو پاڵەوانەی کە لەپێناویدا دەژیام هەمیشە لە ئەندێشەمدا بەرجەستەیە وەك چۆن لەرابردوودا، لە یۆتۆپیای

ئەودا ژیانم بەسەر دەبرد و بەخۆم نەدەزانی، ئەو شتێك بوو بێئەوەی لە ژیانمدا هەبێت فەرمانی بەکردارم دەدا، بۆنی بەسروشت دەدا؟، شەقامەکانی گوڵاو پرژێن دەکرد، بێئەوەی بەبەرچاوما بگوزەرێ دەمبینی و بۆنم دەکرد، تا ئەودەمەی نەڕۆیشت نەمدەزانی هێندە لەژیانم رەنگی داوەتەوە هەمیشە نزام دەکرد لەبەردەرگای خواوەند لەو نەخۆشییە کوشندەیە دەربازم بکات کە ئەو تووشی کردووم و لەبەر چاوم ون بێت، بەڵکو بتوانم ئاسەواری لە بیرەوەریم بسڕمەوە

روزگار: کەوایە بۆ هێندە بۆی بە پەرۆشی

هەنار: عیشقێك ئاوێتە بەناخت ببێ مەحاڵە بسڕێتەوە نازانم بۆچی وام دەکرد دەمێك دەهاتە سەر رێگام بەزارو چاو و رۆح لێم دەپاڕایەوە نەمدەبینی نێوانمان  پێنج هەنگاو رێگا بوو چاوی تێدەبڕیم وامدەزانی کیشوەرێك لەنێوانماندایە و نەمدەوێرا تێی بڕوانم، تەنها بستێك لێم دوور بوو لەگەڵما دەدوا،  من پێموابوو نێوانمان شەقامەڕێیەکی دوورە، ئێستاکە دەڕوانمە رێگای راوەستانی هەردووکمان، فرمێسکەکانم لێم دێنە گۆ و لەخۆم دەپرسم تۆ لەوێ بویت هێندە لێم نزیك بوویت، هەڵبەتە کوێر بووم و چاوم رووناکی نەبینیووە. ئەگەر نا بڕوانە چەند نزیك بووی لێم. بەرامبەرم بووی نەمدەبینیت لەچاوم بووی هەر نەمبینیت لەناخما بوی نەمبینیت، ئیدی ئێستا چیم لێت دەوێ بیانو بەتۆو بەخۆم و بەژیان دەگرم، ئاخر ئێمە واڕاهاتووین بەدوای شتێکدا بگەڕێین، ئیدی گرنگ نییە ئەو شتە چییە و کێیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە شتێك هەبێت بەدوایدا وێڵ و گەڕیدە بین و نەیدۆزینەوە. چەند ئەستەمە لەیەك وەرزی تەمەندا تێکڕای جوانییەکان بێ ماڵئاوا جێبهێڵین، ئاخر ساتەکانی ماڵئاوایی زۆر قورسن، بەرگەی ئەو پەیڤە ناگرم ماڵئاوایی کەسێکی بوێری دەوێت، ئاخر ماڵئاوایی ئێمەش بەردەوامە، ماڵئاوایی لە تۆ لە عیشق لە جوانی لە نیشتیمان بەکامیان ڕابگەین.